لە یادی « ٣٥ » ساڵەی کۆچی دوایی « پیرەمێرد » دا

چەند لایەنێکی شاردراوە لە ژیانی رۆژنامەگەری پیرەمێردی نەمر

ئومێد ئاشنا

« بەشی یەکەم »

ـ پیرەکورد ـ ی[1] ئەستەموڵ

ئەمساڵ سیو پێنج ساڵ تێپەڕی بەسەر کۆچیدوایی مرۆڤێکی شاعیرو ئەدیبو ڕۆژنامەنووسدا ، بەسەر کۆچیدوایی پیرەمێردی نەمردا .

پیرەمێرد پێشئەوەی بڕوات بۆ ئەستەموڵو لەنیشتمان دووربکەوێتەوە فەرمانبەربوە بەتایبەت ـ باشکاتب ـ بووە لە شارەزورو شارباژێڕو ماوەت . ئەوکاتانە لەهەڕەتی لاویدا بووەو هاوینان چوّتە ـ گورگەدەر[2] ـ لەوێ زەویوزاری کشتو کاڵو باخیان هەبووە ، هەر لەسەرەتای تەمەنو بیرکردنەوەیدا پێش ڕۆیشتنی بۆ تورکیاو دوورکەوتنەوەی بۆماوەی « بیستو پێنج ساڵ »[3] لەولاتی خۆی ، وەك دوایی لەڕۆژنامەکەیدا دەنووسێت ، ئارەزوی لە کۆکردنەوەی شیعربووەو ئاوازەی پڕ ناڵەی نالی تێکەڵ بەسۆزی « بێسارانی » و « مەولەوی » بووە . بەتایبەت کاتێ لە هەڵەبجەبووەو بەسەرانسەری دەشتی شارەزووردا بەوپەڕی ئارەزوو ئاواتیەوە گەشتی کردوە . هەر لەوکاتەدا « تۆفیقی کوڕی مەحمود ئاغای هەمزاغای مەسرەف » ی باشکاتب کەشکۆڵێکی نایابی بۆخۆی پێکەوە ناوەو هەرچی شیعرێکی بەرگوێ کەوتبێ یاخود دەستی کەوتبێ لەو کەشکۆڵەدا نووسیویەتیەوە . کاتێك لە ساڵی « ١٨٩٨ »[4] دا ولاتی

بەجێهێشتوەو ڕوی‌کردوّتە ئەستەموڵ ئەو کەشکۆڵە پڕ بایەخەی لە سلێمانی لەماڵی خۆیان لەژێر زەوی‌دا بەجێهێشتووە . دەفتەرێك بیست‌و پێنج ساڵ لەژێر گڵدا شاردرابێتەوە دیارە سەرەنجامی چی‌لێدێت ! با بۆ ڕاستی ئەمە گوێ لە پیرەمێرد خۆی بگرین بزانین چی‌دەڵێت « نازانم چە دەردێك‌بوو بەمنەوە نووسابوو ، هەر لە منداڵیەوە من دڵم دابوە شیعرو گۆرانی ، دەنگی خۆشیشم لەبەر شیعری خۆش ئەویست ، تا مەولەوی ـ م نەناسیبوو نالی ـ م لەلا پێغەمبەری شیعری کوردی بوو[5] پێش‌ئەوەی بچمە ئەستەموڵ کەشکۆڵێکم نووسیبوەوە بە کاغەزی زەردو شین‌و سوورو مۆر هەرچی شاعیرێ کە بیستبوم چەند غەزەلێکی نایابی ئەوم نووسیبوەوە خەڵك‌و خوا ئەیان‌برد لەبەری بنووسنەوە تاقەتیان نەدەبوو هەر لاپەڕەیەکی شیعری خۆشی تیابوایە ئەیان‌پچڕی‌و دەریان دەهێنا ، تادوایی سوێندم‌خوارد بە کەسی‌نەدەم بەوەیش وازیان لێ‌نەهێنام ناچار لە ژووری‌ئەو خوارە چاڵە کەنمێکی ساڵی گرانیمان‌بوو خستمە چاڵەکەوە ، بەسەریا ڕۆیم ، بۆ ئەستەموڵ ، خوا ئەیزانێ لەو چاڵەدا وەك قامیشەنەیەکەی کە مەولانای ڕۆمی مەسنەوی لەسەر داناوە چەند بۆخۆی شەرحی جودایی داوە تا نەماوە . جا بەهۆی ئەوەوە کە شاعیرەکانم لەویدا کۆکردبوەوە گەلێ ئەشعارو ئاساری ئەو ناودارانەم لەبیرمابوو لە سینەمدا نەقشیان بەستبو لە ئەستەموڵ لەغەزەتەی ـ ژین[6] دا برای ژیانی ئێستا بەزنجیرە هەندێکیم دەنووسین‌و ڕەنجیشم لەگەڵ ئەدان دیسان بە شیعر وەرم‌دەگێڕانە سەر تورکی »[7] . ئنجا مرۆڤێك بەو خولیایەوە ڕوو‌بکاتە ئەستەموڵی ئەو سەردەمە کە جێگای بەیەك گەیشتنی ڕۆشنبیری‌و زانستی ڕۆژهەلاتی دواکەوتو وە ڕۆژئاوای پێشکەوتووبوو . ئەستەموڵی ئەوسەردەمە کە هەرچی هونەروەرانی ئەم وڵاتە هەبوون دەست‌کردی بیرو ڕۆشنبیری ئەوێ‌بوون . کەسێکی وەك تۆفیقی محمود ئاغا بەنیمچە خوێندەواریەوە ڕووی تێ‌کردوو ئەو ڕێگا سەختەی گرتەبەر وەك دەنووسێت « بەنیوە خوێندەواری لە سلێمانی دەرچووم‌و خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە »[8] یاخود دەنووسێت « ئێمە زۆرترمان لەوێوە پێگەیشتوین »[9] با لێرەدا بوەستین بزانین بەرنامەی نووسینەکەمان سەبارەت بەم مرۆڤە چۆن‌دەڕوات .

١ ـ ئەوەمان دیاری‌کرد کە پێش‌چوونی بۆ ئەستەموڵ کەڵکەڵەی شیعرو کۆکردنەوەی ناو کەشکۆڵی هەبووە .

٢ ـ ئەو کاتانە چووبێتە هەر جێگایەك هەوڵی‌داوە بەدوای شوێنەواری دێرینەدا بگەڕێت خۆی ڕاستی ئەمەمان بۆ ڕوون‌دەکاتەوە « لە پەنجا ساڵ بەولاترە لە هەڵەبجەبووم خۆم دابوە ئەمەی بزانم ئەو شارە کۆنانەو ئەو هەڵبەستە خرافاتە کەی‌بون لە کوێوە هاتون وەك ئەمەی ـ کۆی ئاتەشگا ـ کە زۆرتر مەولەوی لە گۆرانیەکانی خۆیدا ناوی‌بردوە »[10] ئەمە تۆفیقی مەحمود ئاغا هەتا تەمەنی سی‌و یەك « ٣١ »[11] ساڵی لە شارەزوورو شارباژێرو کەربەلادا . هەر لەو تەمەنەدا بە عەشقی خوێندنی بەرزو خزمەت‌کردن‌و بینینی جیهانی نوێ لە کوردستانەوە دەچێتە ئەستەموڵ . وەزانای بەڕێز شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودی نەمری لەتەکدا دەبێت . هەردوو ساڵ پاشی ئەمە لە « ١٩٠٠ »[12] دا دەچێتە تەواف کەعبەو دەبێتە حاجی توفیق . لە ڕێگای گەڕانەوەیدا ئەم بۆ تورکیاو ئەوان بۆ جێگای‌دی ئەم زاتانەشی بوونە هاوڕێ ، خۆی دەنووسێت « وەفایی ، کە لەپێشدا مەفتونی شیعرە جوانەکانی‌بووم وا ڕێك‌کەوت لە ماڵی خوایشا هاوناڵەو ئەفغانی‌بووم . لەپاش حەج لەڕێی حجازدا مردوو سەید ئەحمەدی خانەقا لەسەری بەندبوو ، تا ناشتی ڕەفیقی گریانی‌بووم »[13] لە شامەوە بەرەو ژوور دەچێتەوە جیهانی نوێ . ئەو سەفەرە بیست‌و پێنج ساڵ دەخایەنێت بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم ژمارەیە لە گەڕانەوەیدا لە تورکیاوە بۆ عیراق لە شەمەندەفەردا ئەم شیعرە دەنووسێت وە لەسەرەتای شیعرەکەدا دەنووسێت « ئەم شیعرە لە گەڕانەوەدا لە « ترەنی »[14] ڕێی ئەستەموڵدا بێژراوە »[15] .

« ئەوا ڕوم‌کردە تۆ ئەی دایکی موشفق بیست‌و پێنج ساڵە
لەغوربەتدا بەیادی تۆ ئەژیم خوا شاهیدی حاڵە »[16]

لە ئەستەموڵ بەهۆی وریایی‌و زیرەکی خۆیەوەو یارمەتی‌دانی

« عزەت پاشای کاتب »[١٧] دەبێتە ئەندامی « مەجلیسی عالی » . وەکاری دیوانی سوڵتان عبدالحمید بەڕێوەدەبات نازناوی بەگی دەدەنێ و دەبێتە حاجی توفیق بەگ .
ئەگەرچی ئەم مرۆڤە دوورولاتەی لە وڵاتێکی دواکەوتووەوە بەبێ بڕوانامەی بەرزو خوێندنی موناسب ڕووی کردبوە ئەستەموڵی جێی شارستانی و خوێندنی بەرز بەلام کاتێ زانرا لێهاتوەو ڕادەی هوشیاری باشە لە ـ کۆلێجی یاسا ناسی ـ وەرگیرا . بوە قوتابی و چوار ساڵ لەوێ خوێندی و بە پلەیەکی بەرز بڕوانامەی یاساناسی وەرگرت و بوە پارێزەر ـ محامی ـ و دەستی بەکار کرد ، بەلام ئەم لەهاوشان و هاوکارەکانی نەدەچوو ، خوی دایە نووسین و کاری ڕۆژنامە نووسین و کاری ڕۆژنامەگەری ، ئەو دوو خۆشەویستەی لە ناخیدا بە حەسرەتەوە بوی دەژیا .
کۆمەلێ هاوڕێی ڕۆژنامە نووس و ئەدیب و شاعیرو مێژوونووسی بۆ پەیدابوو ، وەك خۆی زۆرجار نووسیویەتی بەگشتی ناویانم کۆکردەوەو بریتی بوون لەم کەسانە « ئەمین فەیزی ، تۆفیق وەهبی ، ئەمین زەکی بەگ ، مستەفا پاشای یاموڵکی ، ئەشرەف هەمزە ، صالح زەکی بەگ ، مەعروف جیاوك ، عبدالله جەودەت ، شەریف سەهل پاشا ، کامەران بەدرخان ، جەلادەت بەدرخان ، شێخ مستەفای نەقیب ، شێخ مەحمود جەلالەدین کوڕی ئەحمەد پاشای دوامیری بابان ، شێخ محەمەدی موفتی ، دوکتۆر فؤاد ، دکتۆر کەمال ، یوسف ضیا ، ئیبراهیم ئەفەندی ، زەکی مغامز ، ئەحمەد راسم ، ڕەزا توفیق ، خەلیل بەگ ، عبدالحق حامد ، مەلا سەعیدی بدیع الزمان ، ئەکرەم بەگی رجائی زادە ، مەمدوح وەفی[١٨] » .
لێرەدا پێویستە لەسەر ئەوە بوەستین و ڕوونی بکەینەوە بزانین لەماوەی ئەو بیست و پێنج ساڵەدا حاجی توفیق بەگی یاساناس و ڕۆژنامەگەر و ئەدیب چی کردوەو ئەو خزمەتانەی کردوونی چۆن کاری کردۆتە سەر مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ، وەك لەسەرەتای نووسینەکەمانەوە دیاریمان کردو بۆ ون نەکردنی ڕێبازێکی زانستیانە با گوێ لە ـ پیرەکورد ـ بگرین بزانین چی بۆکردوین .
١ ـ « دەمێکیشە غەزەتە چیم هەتا لە ئەستەمولیش غەزەتە چی بووم »[١٩] .
٢ ـ لە ئەستەموڵ لە غەزەتەی ژین ـ دا شیعری شاعیرە نەخوێندەوارەکانم نووسیبوو ـ امی شاعرلریمز[٢٠]
٣ ـ لە ڕۆژنامەی ـ شمس ـ دا کە لە ئەستەموڵ سەید حسین ئێرانی بە فارسی دەری دەکرد شیوەنێکم نووسیبوو[٢١] .
٤ ـ لە غەزەتەی ژین کە لە ئەستەموڵ دەردەچوو دوازدە ساڵ لەمەوپێش لەبەردە نووسراوەکەی ماوەت دوابووم[٢٢] .
٥ ـ لە ئەستەموڵ غەزەتەی ـ کورد ـ م دەردەهێنا لە غەزەتەی هەرەگەورەی ـ تان ـ ی فەرەنسەدا شیعری کوردیم ئەنووسی[٢٣] . هەروەها « ئێستا خوا دەرووی لێکردووینەوە ، گۆڤارو وێنەو کلێشەو چاپ کەوتۆتە ناومان ، نۆبەرەی غەزەتەمان لە ئەستەموڵ غەزەتەی ـ کورد ـ بوو . کە ئیمتیازی بەر من کەوت »[٢٤] .
٦ ـ لە ئەستەموڵ لە زەمانی عوسمانلیدا لە غەزەتەی ـ اقدام ـ دا بۆ ناوەدانی شارەزوور بەهۆی ئیسکانی عەشائرەوە مەقالەیەکم نووسیوە زۆری تەئسیرکرد[٢٥] .
٧ ـ شیوەنێکم نووسیبوو ناردم بۆ ڕۆژنامەی ـ فەرهەنگ ـ کە لە تاران دەردەچوو سەرو ساختمان لەگەڵ یەکدا هەبوو[٢٦] .
٨ ـ لە پایتەختدا غەزەتەی کوردیم دەردەکرد . لە غەزەتەی ـ محیط مصور ـ ی میسرداو لە ڕۆژنامەی هەرەگەورەی پاریس ـ تان ـ و لە شەفەق سورخ و ـ فەرهەنگ ـ ی ئێراندا بانگی کوردیم ئەدا[٢٧] .
٩ ـ شاعیری مەشهوری فەرەنسە ـ لامارتین ـ مەدحێکی حەزرەتی محمدی کردبوو ـ ئیبراهیم ئەفەندی ـ بەشێوەیەکی وەك خۆی بەلیغ نەزمی کردبوو . من لە ئەستەموڵ لە غەزەتەی خۆمدا نەشرم کرد[٢٨] .
لەم نۆ خاڵەی سەرەوەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانە : ـ
١ ـ حاجی توفیق بەگی پارێزەر لە ئەستەمولدا خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری ڕۆژنامەی ـ کورد ـ بووە . ئەم ڕۆژنامەیە بە زمانی کوردی و تورکی دەرچووە . ڕاگەیەنەری دەنگی سیاسی ـ کۆمەڵەی کورد ـ بووە . هەفتەی جارێك دەرچووە .
٢ ـ لە ڕۆژنامەی ـ ژین ـ ی ئەستەموڵدا کە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ـ ئەشرەف هەمزە ـ بووە بەشداریەکی بەردەوامی کردوەو گۆشەیەکی هەبوە بەناوی شاعیرە نەخوێندەوارەکانمان .

٣ - لە ڕۆژنامەی سەیدحسەینی ئێرانیدا کە ناوی - شمس - بوە بە فارسی شیعرو نووسینی کوردی بڵاوکردوتەوە .

٤ - بەشیعرو نووسینو وەرگێڕان لەم گۆڤارو ڕۆژنامانەدا بەشداریکردوە . بەسێ زمان . کوردیو تورکی، فارسی . إقدام ، محیط مصوری میسر ، تان - ی فەرەنسی ، شەفەق سورخو فەرهەنگی ئێرانی . لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا بە سێ ناوەوە دەرکەوتوە .

١ - سلێمانلی توفیق . ٢ - س . ت . ٣ - پیرە کورد :

-ەتوانین بڵێین ئەگەر کەسێك مەبەستێکی گەورەو خۆشەویستی خاكو میللەتی خۆی لە هەستوبیردا ـەچەسپی بێو بۆی نەژیابێت هەرگیز ناتوانێت ئا بەو ڕەنگە بێتە ێشەوەو هەموو خۆشیەکی ژیانی خۆی بنێتە پێناوی ڕۆژنامەگەریو نووسین وەرگێڕانەوە . وە لە جێگایەکی وەكو ئەستەموڵدا دەنگی میللەتە دواکەوتوەکەی خۆی بەجیهان بگەیەنێو ئەوە بسەلمێنێت کە کوردیش وەك گەلانی جیهان خاوەن ئەدەبو ڕۆشنبیریو کەلەپوری نەتەوایەتیە . وەهەر ئەم سەرچڵو گیانە نەتەوەیە بوو کە لە ساڵی ١٩٢٣ - دا بوە هۆی ئەوەی حیزبی - اتحادو ترقی - لەسەر بەرپابوونی شۆڕشی کوردستانی تورکیاو بەشداریکردنی حاجی توفیق لە کۆمەڵەی کورددا فەرمانی خنکاندنی دەربکاتو ئەویش بەپەلەو خێرا بگاتەوە عیراق . ڕەنگە لای زۆر کەس ئەم ڕاستیە جێیخۆی نەکاتەوە کە ئایا حاجی توفیق بەشداری کاری سیاسی کردبێ لە کوردستانی تورکیادا . بۆ سەلماندنی ئەمڕاستیە خۆی دەنووسێت «لە سەورەو کۆمیتەی ئەرزڕۆمی کورداندا لەگەڵ خالد بەگو یوسف ضیاو دکتور فوادو کەمالدا لەخزمەت مەلا سەعید بدیع الزماندا ڕەنجمئەداو ئیدارەی عورفیەی ئەستەموڵ بە ئیعدام مەحکومی کردم »[٢٩] . ﻭاتە حاجی توفیق لەبەرانبەر ڕژێمی ئەتاتورکو حیزبی - اتحادو ترقی - یەوە داواکراوە بۆ دادگاو پاشان - غیاب - یەن حوکمدراوە .

لایەنێکیتریش کە هەتا ئەم دواییە ئاشکرا نەبووبوو ئەوەیە کە ئایا جگە لەناوی - سلێمانلی توفیق - و - س . ت - بەچ نازناوێکی کەوە دەرکەوتوە ؟! . بڕوانە ئەم نووسینە . « لە ژمارە (١٢) ی ڕۆژنامەی - ژین - ی ئەستەموڵی ساڵی (١٣٣٥) ڕێکەوتی (١٩١٩) ی زاینی کە خاوەن ئیمتیازو ڕێبەری لێپرسراوی کەڵە ڕۆژنامە نووسی کورد - ئەشرەف هەمزە - بوو ، حاجی توفیق پیرەمێردی نەمر کە ئەوسا نازناوی - پیرە کورد - ی لەخۆی ناوە لەپاڵ وتارێکی زۆر شیرینو گەرمو بەجۆش بەزمانی تورکیو بەناوی - لێهاتوییو زیرەکی کورد - و بۆ یەکەمجار دەقێکی ناتەواوی - گلکۆی تازەی لەیل - ی بەنێوی حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە بڵاکردوتەوە . پیرەمێردی - پیرە کورد - لە وتارەکەیدا بەکورتی باسی بلیمەتیو بەهرەمەندی ئادەمزادی کورد ئەکاتو ئنجا دێتە سەر باسی بلیمەتی حەسەن کەنۆشو حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە - و لەتەکیشیا خەمساردی کوردنیشان دەدات کەچۆن بایەخیان بە کەڵە شاعیرانی خۆیان نەداوە تا دێتە سەر باسکردنی - نالی - شێخ مارف نۆدێ ، کاك ئەحمەدو مەولانا خالدو مەولەوی ، مستەفا بەگ - حاجی قادر ، عەلی بەردەشانی ، ئەحمەدی کۆر ، ڕەنجوری ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ... هتد »[٣٠] . نووسەری ئەم چەند دێڕەی پێشو کاك محمود زامدار - ە کە ساڵی ١٩٨٤ لە ڕۆژنامەی - العراق[٣١] - دا نووسیبوی نووسەر دوو پرسیاری کردوەو بۆنەوەی بێوەلام نەمێنێتەوە وەلامیان دەدەمەوە . دەپرسێت ١ - ئایا ئەو قەسیدەیەی نالی کامەبوە کە حاجی توفیقی پیرە کورد بە زمانی فەرەنسی لە ڕۆژنامەدا بڵاویکردوتەوە ؟

٢ - ئایا لەکام ڕۆژنامەدا بوەو ئاخۆ کێ گۆڕیبیەتیە سەر زمانی فەرەنسی ؟

لە وەلامدا دەڵێین .

١ - ئەو قەسیدەیە بریتیبوە لە قەسیدە بەناوبانگەکەی نالی کە بەم بەیتە دەست پێدەکات .

« لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانیدا سفیدەی باغی سێوان »[٣٢]

بەڵگەشمان بۆ ڕاستی ئەمە پیرەمێرد خۆیەتی دەڵێت « یەك دوو شیعری نالی بۆ سنعەت دەنووسین ، بزانین کێ توانیویە ئەو شێوەیە بنوسێ ؟! غەزەلێکی هەیە کە پیرەمێرد لە ساڵی ١٣١٩ دا لە ئەستەموڵەوە بە فرانسزی ناردویە بۆ غەزەتەی - تان ی پایتەختی فرانسە - پارس - کە دەڵێ .

لەدوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان »[٣٣]

٢ - ئەو کەسەی کە نەك هەر ئەو شیعرەی نالی بەڵکە شیعرێکی - لامارتین - و گەلێ نووسینی تریشی لە کوردیەوە کردوە بە

فەرەنسی و بەپێچەوانەشـەوە ناوی ـ داود ـ کـوڕی ئیبراهیم ئەفەندی ئەدیبی ناسراوی کـوردبوە لە تـورکیا . بـا گوێ لە پیرەمێرد بگرین « لەپاش بـرنادشـۆ شاعیـرێکی فەرانسـە ـ لامـارتین ـ قـەسیدەیـەکی محەمـەدی بە فـرنسـزی وتبـوو مەرحومی جەننەت مەکان ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری شیخ الاسلام لەسەر ئەو تەرجـەمەیـەی ـ داود ـ ی کوڕی بـۆی کردبوو ئەو بە تورکی نەزمو تەرتیبی کرد . منیش لە غەزەتەی ئەستەموڵی خۆمدا کە ناوی ـ کورد ـ بوو نەشـرمکرد »[٣٤] « ئیبراهیم ئەفەندی لە عیـراقیشدا بـە کەمـاڵو حورمـەتو ئـارەزوی خۆی ڕایبـوارد »[٣٥] لەدوای ئەم سـەلمـانـدنـەی پیرەمێرد دەتوانین بڵێین کە وەرگـێڕ ـ داود ـ بوەو ئیبـراهیم ئەفەندی باوکیشی کە ئەدیببوە بە شیعرو پەخشان بەرهـەمە وەرگێڕاوەکانی ڕێـکخستۆتـەوە . پیرەمێـردیش کە هـەستی کردوە ئەدەب نیشـانەی زینـدوێتی نەتـەوەکەی‌و هـەنگاوی پێشکەوتنیەتی‌و ناساندنی بە گەلانی‌دیکە ناسانـدنی نەتـەوە دواکەوتوەکەیەتی بۆ یەکا لە بڵاوکـردنەوەی نـاوو بەرهـەمی ئەدەبی ئەو شاعیرانە درێغی‌نەکردوە . جگەلەمانەش بەپێی بەڵگەی نووسینی خۆی پیـرە کوردی ئـەستەمـوڵ ئەم کـارە گرنگانەشی ڕاپەڕاندوە .

١ ـ هەوڵدان بۆ دانانی دەستوورێك بۆ زمانی کوردی . خۆی دەنـووسێت « لە ساڵی ١٣٢٩ ی ڕۆمیـدا کە لە ئـەستەمـوڵ غەزەتەی کوردی دەردەچوو من لە چۆلەمێرگەوە مەقالەیەکم بۆناردبوون‌و تەکلیفم لە جەمعیەتی کورد کردبـوو کە لەهـەر دیارێکی کوردستانەوە زبان‌زانێك بانگ بکەنە پایتەخت‌و زبانێك بۆ عمومی کورد هەڵبژێرن‌و بیکەن بە فەرهەنگ وە دەستوور هەتا مصارفاتی لە چاپ‌دانیشم گرتبوە ئەستۆی خۆم . کەس گوێ‌ی‌نەدایە ، ئێستا هەرکەسە بەهەوەسی خۆی شێـوەیەك دێنێتـە کارەوە ، وایـان شێـوانـدوە . بـەم بـەستـەزبـانی‌و بێ‌ژیانیەوە چەلافێك لێ‌بدەین ؟ بۆچ کـوردستان تـەنها ئـەم هۆمەرە کوێرەیـە[٣٦] ؟! بۆچ کـوردستانی گـەورە لە زبانمـان نەگا ؟! »[٣٧] .

٢ ـ هەوڵدان بۆ چەسپاندنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوی کورد وەك دەنووسێت « زبانی کوردی بەڕەنگێ شێواوە من کوردم کەچی لەڕۆخی‌وان‌و هەکاری تەرجـەمانم بـۆ کوردی ئـەوێ ڕادەگرت . لەم بن‌دەستەوە هەورامی لەزبانی جاف ناگا . ئەو هەموو موحیتی کوردستانە کەمن باوەڕم وایە تا زبانیان یـەك نەکەوێ یەك‌ناکەون ئەمەندە هونەرمەندی زبان‌زان‌و قواعـد شناسی تیا هەڵکەوت ئەهمیەتێکیان بە زمان نەدا »[٣٨]

٣ ـ هەوڵدان لەگەڵ ئەمین فـەیزی‌دا بـۆ دانانی کتێبێـك کە شیعری شاعیرە ناسراوەکانی کوردی تێدا کۆببێتەوە . ئەوەبوو لەگەڵ ئەمین فەیزی بەگدا دەست‌دەکەن بە ئامادەکردنی کتێبی ئـەنجومـەنی ئەدیبـانی کورد ـ بـەلام لەکاتی کـارکـردن‌دا سەبارەت بە زەوقی ئەدەبی‌و هەڵبژاردنی شیعری شاعیـران ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان بیروڕایان ڕێکەناکـەوێ‌و لەیەکتـر جوێ‌دەبنەوە . بەلام ئەمین فەیزی وەك لەم دواییەدا بینیمان لە ئەستەموڵ کتێبەکە لە چاپ‌دەدات . پیرەمێرد دەنووسێت « لە ئەستەموڵ لەگەڵ ئەمین فەیزی مـەرحومـدا قەرار وابـوو لە ئەنجومەنی ئەدیبان‌دا ئیشتراکی بکەم ، لەسەر ئەم ئیختلاف زەوق‌و هەڵبژاردنی پایەی شاعیرانە لێك جـوێ‌بوینـەوە »[٣٩] لێرەدا دەتوانین بڵێین‌پیرەمێرد سەرچاوەیەك‌بووە کە ئەدیب‌و ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمەی تورکیـا ڕویان‌تێ‌کـردوە ئەمیش بەدەوری‌خۆی کۆی‌کردونەتەوەو تەنانەت مەسەلەی سیاسەت‌و کـوردایەتی هێنـاوەتە کـاری ڕۆژنامـەگەریـەوەو بەیەکتری ئاوێتە کردوون . هـەوڵی‌داوە بۆ دەستـوری زمانی کـوردی کە پێـك‌بێت‌و ڕێنوسێکی ڕاست ڕەچـاو بکـرێت . لە وتارەکانیدا هەوڵی‌داوە لە تـورکیاوە بـاسی کوردستـان بکات‌و ناتەواوی‌و گیروگرفتەکانی ئاشکرا بکات . لەڕوی مێژووییەوە خزمەتی زۆرەو ئەگەر نووسینە مێـژووییەکـانی کۆبکـرێنەوە کتێبێك دروست‌دەکات لەسەر مێژوی کـورد . لەڕوی چاکی‌و مرۆڤانەوە کاری لە منداڵەکانی کردوە لە تورکیـا واتە هـەردوو کوڕەکەی . نەژاد ـ یان دەبێتـە شاعیـرو پەخشـان‌نووس ، ـ وداد ـ یـان دەبێتـە پسپـۆڕ لە زمـانی سـانسکـریتی‌دا لە هیندستان . ئەمە دوو نمونەی نووسینی خۆیەتی لەم بارەیەوە « عبدالله جەودەت ـ کە لەپاش مـەشروتیـەت لە ئەورووپـاوە هاتەوە لە ئەستەموڵ‌بوو زۆرتر لە هەموو کەس من لەخزمەتیا ئەبووم . خۆم‌و نەژادی کوڕم بە ـ نظم‌و نثر ـ لە مجەلەکەیدا

خزمەتمان هەیە »[٤٠] « جەمعیەتێکی ئەنسکلۆبیدی لە تورکیە پێکخرابوو لە دانشمەندانی گشت میللەتێك پێکهاتبوو ، پروفیسۆرێکی ئەڵمانیان هەڵبژاردبوو سەرۆکبێت ـ ودادی ـ کوڕی منیش بەشداربوو »[٤١] هەوڵی‌داوە لەگەڵ شاعیرانی وڵاتانی‌کەدا پەیوەندی بکاتو باسی ئەدەبو ڕۆشنبیری کوردیان بۆبکات . بۆ نمونە کێ باوەڕدەکات پیرە کوردی سلێمانی هاوڕێی ئەدەبی ی عبدالحق حامد ـ [٤٢] ڕابەری شیعری نوێی تورکی بووبێ ؟؟ وە عبدالحق حامد ـ هێندە نووسینی ئەمی لاپەسەندبووە کە پەخشانێکی پیرەمێرد دەکات بە شیعرو بڵاوی‌دەکاتەوە پیرەکورد دەنووسێت « لە غەزەتەی کۆن‌دا بەندێکی پەخشانیم بەرچاوکەوت کە لەوەختی کۆن‌دا لای عبدالحق حامد ـ ی شاعیری مەزنی تورك ـ دەموودەست بە تورکی نەزمکرابوو بەتەرزێك کە گوایە لە کەس وەرنەگیراوەو نەبیستراوە . ـ عبدالحق ـ یش زۆری پەسەندکردوە . ئنجا دوای چەندساڵێك لێرە کراوە بە کوردی . ساهەرچۆن‌بێ ئەو بەندی پەخشانە ـ شیعری منثور ـ ە کۆنە ڕۆحمی تازە کردەوەو تەنها بۆ یادی کۆنی خۆم تازەمکردەوە »[٤٣] وەتەواوی ئەو پەخشانە ی ئێمە هەیەو پیرەمێرد دووجار لە ڕۆژنامەی ژیانو ژین‌دا بڵاوی‌کردوتەوە ساڵی (١٩٣٤) وە ساڵی (١٩٤٩) جاری یەکەم بەناوی ـ ئاوات خوازی ـ وە جاری دوەم بەناوی ـ کای‌کۆن ـ ەوە بڵاوکردوتەوە . وەپێویستە بوترێت کە زۆر لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی دەربارەی کوردو ئەدەبی کورد نووسیویانە لە ئەرشیفی کتێبخانەکانی ئەستەموڵ‌دا سودیان لەم نووسینانەی پیرەمێرد وەرگرتوە . خۆ ئەگەریش ڕۆژگار کارێکی کرد ئەدیبێکی کورد دەستی بگاتە ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە ئەوا ئەمەندە زانیاری نوێو نەبیستراومان بۆ دێنێتەوە کە خۆمان حەوانەکەینو لەتوانای لەبن نەهاتوی ئەم مرۆڤە گەورەیە سەرسامبین .

« بەشی دووەم »

ئاشکرایە کە زەمینەی لەبارو ژیانی ئارام بەتایبەت بۆ ئەدیبو هونەرمەند دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام بۆ ئێشەکەی خۆی بژیو کارە لاوەکیەکانی بیرو هەستی پەرتوبڵاو نەکەنو قەڵەمی داهێنانی کول نەکەن . تاقی کردنەوەی ژیانی ڕۆشنبیرانی جیهان بۆی‌سەلماندوین کە ئەو جۆرە ئارامیە هونەرمەندی گەورەی پێ‌گەیاندوە ، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە چەرتمەکانی ژیانو گیروگرفتە سەختەکانی کارێکی نالەبار دەکەنە سەر داهێنانو بەرهەم . ئەگەریش تەماشای مێژوی ئەدەبیاتی کورد بکەین هەرلەسەرەتاوە بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەرو ڕۆشنبیری کورد هیچکات نە زەمینەی لەباری بەدڵی‌خۆی بۆخولقاوە نە لەژیانێکی وەها ئارامیشدابوە کە هەموو ساتێکی ژیانی تەنها بیرکردنەوەو داهێنان بووبێ . لەگەڵ‌ئەوەشدا کۆڵی‌نەداوەوە خاوەن داهێنانو بەرهەمبووە . هەرچەندە باری نائاسایی‌و دواکەوتوی دەورو پشتو ئەرکی ژیانو گوزەران توانیویانە بەشێك لە داهێنانو بەرهەمی بۆخۆیان بەرنو لێ‌دابڕن بەلام شاعیرو ئەدیبی کورد ئازایانە لەبەرانبەریا وەستاوەو قەڵەمی دانەناوە . بەگشتی پیرەمێرد زۆربەی ژیانی لەبارو خۆش بەختانەبوە بۆ کاری نووسینو ڕۆژنامەگەری‌و خەیاڵی شیعر . ئایا ئەگەر پیرەمێرد بە عەشقی فێربوونو تێگەیشتنو پێ‌گەیشتن ڕووی‌نەکردایەتە وڵاتێکی وەها دوورو بیستو پێنج ساڵ تەمەنی لە غەریبی بەسەرنەبردایە دوور لە وڵاتو ـ غەزالەخانی ـ ژنی‌و ـ ڕەحمەخان ـ ی تەمەن یەك دوو ساڵانەی کچی‌و هەر بەنیوە خوێندەواریەکەوە لە سلێمانی بمایەوە دەبوە پیرەکوردی ئەستەموڵو پیرەمێردی سلێمانی ؟! وەلام دیارەو ئەم مرۆڤە قوربانی داوە ، لە ڕێگایەکدا کە ڕێگەی خزمەتو تێگەیشتنو پێگەیشتنە . لە ڕۆشنایی‌وتەکانی پیرەکوردی ئەستەموڵ خۆی‌و هاوڕێکانی ئەوی‌ی‌دا دەتوانین ژیانی بکەین بە دووبەشەوە .

١ ـ ژیانێکی ئارامو زەمینەیەکی لەبار بۆ کارکردن .

٢ ـ بەشێکی گیروگرفتو گرتنو فەرمان بەسەردادانو مەسەلەی سیاسی کۆمەڵەی کورد ـ لە تورکیا .

لەسەرەتای ژیانیدا لە تورکیا بە ئارامی ژیاوە ، بۆی‌لواوە بە ئارەزوی‌خۆی بخوێنێتەوەو بنووسێت . ببێتە میوانی هەمیشەیی کتێبخانەی بایەزید کە ئەو ڕۆژگارە لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان‌بووە . وەك خۆی دەڵێت بۆ یەکەمجار لەوێ ـ شەرەفنامە ـ ی خوێندوتەوە . لە نۆ گۆڤارو ڕۆژنامەی

جۆربەجۆردا بەشداریکردوە بەردەوام شیعرو نووسینو وەرگێڕانی هەبوە . ژیانی هێمنو خۆشبەختانەی ماوەی داهێنانو کارکردنیان زۆر کردوە . باوکێکی مامۆستابوە بۆ هەردوو کوڕەکەی نەژادو وداد کە پێشتر باسمانکردن . هاوڕێکانی هەڵبژاردەو نمونەی پیاوانی ئەدیبو شاعیرو ڕۆژنامەنووسو ڕابەرانی سیاسی ئەو ڕۆژگارەبوون . لەوپەڕی دەسەلاتو خۆشگوزەرانی ژیانیدا دڵی لای باخو کوێرە دێیەکی کوردستانەکەیبووە بڕوانە دەنووسێت « لە ئەستەموڵ بەڕوتبەو نیشانو ئەعزایەتی مەجلیسی عالییەوە لە - أطه - کە مەڵبەندی پرنسەکانی کۆنی ڕۆمبوو لە قەسرێکی مومتازدا دائەنیشتم کە شەو ئەنووستم لە خەوما لە گورگەدەر لەباخەکەی شێخ ئەحمەدی بازلیخا هەنارم ئەدزی »[٤٤] . هەر لەم ڕووەوە دیسان دەڵێت « لەدەورەی خولیای شەبابدا کەوتمە ئەستەموڵ . یەکەمجار لە - أطه - دراوسێی - رجائی زادە ئەکرەم بەگو- عشاقی زادە خالد ضیا - و- حسین ڕەحمی - بووم ، ڕەزا توفیق - یشیان پێناسیم . کەوتمە بەهەشتی سەروەتی فنونەوە ، کە ئێواران لە ئەستەمولەوە بە واپۆڕ ئەگەڕامەوە بۆ لانەی سەعادەتی خۆم کە - أطه - بوو وە سەروەتی فنونم لەگوێگرتەی ئەو واپۆڕی سەر دەریای مەڕمەڕیەدا ئەخوێندەوە ، تەئسیری ئەو شیعرو ئەدەبیاتە لە سندبادی بەحری زیاتر ئەیخستمە دەریای خولیاوەو لە غرامەفۆندا کە گوێم لە نەغمەی بەستەی خۆم ئەگرت کە بۆ

- مهر النسا - م وتبوو ڕۆحم ئەچوە تەختی

سلێمانی . وامئەزانی فریشتەی ئاسمانو پەری سەر کێوی قاف گوێ لە دەنگی شیعری من ئەگرن . هەندێجار شەوی مانگەشەو کە ئەچوومە کەنار دەریاو تریفەی مانگ ئەیدا لەو ئاوەو جریوەی نازو غەمزەی ئەو کچە ڕۆمە دولبەرانە ئەفسونمی ئەو ئەفسون گەرانەم ئەبیست لەهیچە ئەکەوتمە خولیای شیعرەوە . وام ئەزانی گوڵ بۆیە ئارایشتی خۆی ئەدا من شیعری پیاهەڵدەم ، بولبول بۆیە بەدەوریا ئەسوڕێتەوە شیعری منی بەسەرا بخوێنێتەوە »[٤٥] . ئەمە ئەو بەشە پڕ ئارامیو خۆشبەختیەی پیرەکوردبوو کە بۆمان ڕوونبوەو تەنانەت جێگای وەزیفەی ژیانی لە دوورگەیەکی زۆر خۆشو ڕازاوەدابوە کە خۆی یەکێکە لە هاوینەهەوارەکانی تورکیا . وە دیسان خۆشی شاعیرانە ژیاوەو شاعیرانەش باسی ئەو ژیانەی کردوە ، بەلام ئەم ژیانەی هەروا بۆنەچوەسەر ، گیانی نەتەوایەتیو نیشتمانپەروەری ڕۆژ بەڕۆژ لای ئەو گەورەترو بڵنددەبوو . ئەو دایکی موشفیقەی سالەهابوو لێی دوور - بوو شەوان لەخەوەکانیا نوێدەبوەوەو لەجارانی جوانتردەبوو ئەمیش دێوانە ئاسای ئەو عەشقە نەمرە دەچووە خەڵوەتەوە نەك تەنها بۆ گریانو یادکردن بەڵکە بۆ زیاتر شکۆدارکردنی بە شیعر ، بە نووسین ، بە وەرگێڕان - دوایش بەخەباتی سیاسی بەبێ سڵکردنەوە . هەتا ئەوکاتەی لە کوردستانی تورکیاوە دەنگی شۆڕش بەرەو ئەستەموڵی پایتەختو هەموو لایەك پەخشو بلاوبوەوە . ئەمە زیاتر ڕۆشنبیرە کوردەکانی ئەستەموڵی بزواند ، هانیدان ، یەکێك لەو گیانە نەمرانە پیرەمێردبوو بۆ سەلماندنی ڕاستیمان - مەعروف جیاوك - ی نیشتمان پەروەرو ئەدیب دەنووسێت « لە سالی ١٣١٨ ی ڕۆمیدا لە ئەستەموڵ بەڕێکەوت لە مالی شەریف سەهل پاشادا یەك گیربووین ، وابزانم تەبیعەتیشمان لەدوو نوقتەی موهیمدا ڕێككەوت ، یەکێکیان سەربزێوی میللیەت ، دوەمیان زەوقی ئەدەبیبوو »[٤٦] ئنجا لەم واتەیەی مەعروف جیاوکەوە دەردەکەوێت کە سەربزێوی میللیەت دەبێ لای ئەدیبێك چۆن بکەوێتەوە . هەر ئەم گیانەبوو کە پالی پێوەناو خەباتی ژێرزەمینی پیرەکورد ئاشکرابوو وەخرایە بەندیخانەوە . خۆی دەنووسێت « هەندێ شت هەیە بە ترسولەرزو تەهلەکە تێدەپەڕێ کەچی لەپاش چەند سالێك کە یادی ئەکەیتەوە وەك چووبی بۆ سەیران وا ئەیگێڕیتەوە ، من خۆم ئەمانەم بەسەرهاتوە . کە لە زیندانی ژێر زەمینی بلوکی بەکر ئاغای ئەستەموڵ گیرابووم بەیعی خنکاندنمبوو ، ئێستا کە ئەیگێڕمەوە ئەمەندە بەلەزەتە وەك لەڕاووشکارو دۆشەکی نەرمی یارابووبم وایە »[٤٧] جارێکیتریش ئەم گرتنو فەرمانی خنکاندنە سەرلەنوێ تووشی دەبێتەوەو لەگەل پەرەسەندنی شۆڕشەکەدا دەسەلاتی دوژمن بە کوردی ئەتاتورکو حیزبی - اتحادو ترقی - داوایدەکەن بۆدادگاو ئەم خۆی وندەکاتو دەگەڕێتەوە بۆ عیراق ئەوانیش بەشێوەی

- غیاب - ی حوكمی خنكاندنی دەردەكەن ، پیرەمێرد باسی ئەمە دەكات و دەنووسێت « لە سەورەو كۆمیتەی ئەرزڕۆمی كوردا لە خزمەت مەلا سەعیدی بدیع الزماندا ڕەنجمدەدا ، ئیدارەی عورفیەی ئەستەمول بەئیعدام مەحكومی كردم »[48] بەم شێوەیە ئەم مرۆڤە لە سالانێكی وەهادا كە كۆمەڵی كوردەواری لە هەموو لایەكدا دەی نالاند بەدەست باری دواكەوتویی كۆمەلایەتی و دەسەلاتی زۆر داری دەرەبەگو ئاغاكانەوە سەرباری هەموی چەوساندنەوەی دوولایەنی و زەبروزۆری ڕژێمە كۆنەپەرستەكانیش لەو سالانەدا پەروەردابوون ، كەسێكی وەك - تۆفیقی مەحمود ئاغا - هەموو خۆشی گوزەران و لانەی ئارامی خێزانەكەی خۆی تێكداو هەواری تێكۆشان و نیشتمان پەروەری و خزمەتی ئەدەبیاتی كوردی لەئەستەمولەوە گواستەوە بۆ عیراق و لەخاكی سلێمانیدا ژیایەوەو بوە پیرەمێردی سلێمانی .

سەرچاوەكان :

1 - پیرەكورد - پیرەمێرد - حاجی توفیق بەگی مەحمەد بەگی هەمزاغای مەسرەف - زیاتر لە ڕۆژنامەی ژین - ی ئەستەمولدا بەناوی - پیرەكورد - ەوە نووسیویەتی .

2 - گورگەدەر - دێیەكە لەناوچەی شاربازێڕی نزیك سلێمانی .

3 - بڕوانە سەرەتای شیعری -

« ئەوا ڕومكردە تۆ ئەی دایكی موشفق بیست و پێنج سالە
لەغوربەتدا بەیادی تۆ ئەژیم خواشاهیدی حالە »

٤ - ١٨٩٨ - لەو سالەدا ڕۆیشتوە بۆ توركیاو لە (١٩٠٠) دا لەتەك شێخ سەعید - دا دەچێت بۆ حەج بۆ مەكە .

٥ - لەم واتایە مەبەست ئەوە نییە دوای ناسینی مەولەوی نرخ و بایەخی نالی - لای ئەم كەمبوو بێتەوە .

٦ - ژین - ی ئەستەمول ،، بڕوانە ڕابەری ڕۆژنامەگەری كوردی - جەمال خەزنەدار .

٧ - ژیان ژمارە ٥٤٧ ك ٢ ١٩٣٨ .

٨ - پیرەمێردی نەمر لاپەڕە (٢٠) ئامادەكرد نی م .هاوار .

٩ - ژین ژمارە (٨٩٣) سالی ١٩٤٧ .

١٠ - ژین ژمارە ٦٨٩ سالی ١٩٤٣ .

١١ - ١٨٦٧ هەتا ڕۆیشتنی لە ١٨٩٨ دا دەكاتە ٣١ سال .

١٢ - پیرەمێردی نەمر . م . هاوار لاپەڕە ١٣ .

١٣ - ژین ژمارە (١٠٠٦) سالی ١٩٥٠ .

١٤ - ترەنی لە ترەین - ی ئینگلیزیەوە train شەمەندەفەر .

١٥ - ژیان ژمارە ٣٦ ئەیلولی ١٩٢٦ .

١٦ - هەمان سەرچاوە .

١٧ - پیرە مێردی نەمر - م هاوار - لاپەڕە ١٤ .

١٨ - لە ژیانی (١٩٣٢) بەدواوە هەتا (١٩٥٠) بەجیاواز ناوی ئەم زاتانە هاتووە .

١٩ - ژیان ژمارە (٥١٣) ١٩٣٧ .

٢٠ - ژین ژمارە (٧٧٥) ١٩٤٥ .

٢١ - ژین ژمارە (٧٦٨) ١٩٤٤ .

٢٢ - ژین ژمارە (٤٣٠) ١٩٣٥ .

٢٣ - ژین ژمارە (٩٤٨) سالی ١٩٤٨ .

٢٤ - پەخشانی گەلاوێژ پێنج سالانە گەلاوێژ ك ٢ ١٩٤٦ .

٢٥ - ژیان (٥٣٥) سالی ١٩٣٧ .

٢٦ - ژین ژمارە (٧٦٨) ١٩٤٤ .

٢٧ - ژین ژمارە (٩٥٣) شوباتی ١٩٤٩ .

٢٨ - ژین ژمارە (٧٢٣) ١٩٤٣ .

٢٩ - ژین ژمارە (٩٥٣) شوباتی ١٩٤٩ .

٣٠ - ڕۆژنامەی العراق ٢٢/٨/١٩٨٤ - نالی و سەرچاوەیەك .

٣١ - هەمان سەرچاوە . محمود زامدار .

٣٢ - دیوانی نالی مەلاعبدالكریم - ی مدرس .

٣٣ - ژین ژمارە (٨٦٠) شوباتی ١٩٤٧ .

٣٤ - ژین ژمارە (٩٨١) ١٩٤٩ .

٣٥ - هەمان سەرچاوە .

٣٦ - هۆمەرە كوێر - جێگایەكی نزیك سلێمانییە .

٣٧ - ژین ژمارە (٦٧٩) سالی ١٩٤٢ .

٣٨ - هەمان سەرچاوە .

٣٩ - ژین ژمارە (٨٨٨) سالی ١٩٤٧ .

٤٠ - ژین (٦٧٩) ١٩٤٢ .

٤١ - ژین ژمارە (٩٣٩) سالی ١٩٤٨ .

٤٢ - عبدالحق حامد - لە شاعیرانی نوێی ماوەی وریابوونەوەیە لە ئەدەبی توركیدا .

٤٣ - ژین (٩٨٣) سالی ١٩٤٩ .

٤٤ - ژین ژمارە (٨٩٤) ت ٢ ١٩٤٧ .

٤٥ - ژین (٩٦٧) حوزەیرانی ١٩٤٩ .

٤٦ - ژین (٨٢٠) ١٩٤٦ .

٤٧ - ژین (٨٨٣) ئابی ١٩٤١ .

٤٨ - ژین ژمارە (٩٥٣) شوباتی ١٩٤٩ .